نەتەوەیەکگرتووەکان: بەڵگەی پێویست لەبەردەستدایە کە ئیسرائیل تاوانی جەنگ لە غەززە ئەنجامدەدات

وتەبێژی تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان بە پرسی مافەکانی مرۆڤ لە کەرتی ڕۆژئاوا و غەززە رایگەیاند، ئەوەی لە غەززە دەیبینن کەمەک تاوانی جەنگی بوونەیە.

فرانسیسکا ئەلبانیز، وتەبێژی تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان رایگەیاندووە، بەڵگەی پێویست لەبەردەستە بە ئەوەی بگەنە ئەو باوەڕەی، ئیسرائیل جینەسایدی دژی فەلەستینییەکان ئەنجامداوە.

باسی لەوەشکرد، ئیسرائیل دەستکاری یاسای مرۆیی نەودەوەتی کرد بە ئەوەی پاساو بە پێشێلکارییەکانی لە غەززە بهێنێتەوە.

هەواڵدەری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان هەروەها وتیشی، ئەگەر دادگای تاوانەکان جددی بوایە لە لێکۆڵینەوە لە غەززە، بە دەیان ساڵ سەرقاڵی لێکۆڵینەوە دەبوو.

ئەلبانیز ڕەخنەی توندی لە بەرپرسانی ئیسرائیل گرت و رایگەیاند، ئیسرائیل گوتی ئامانجی لەناوبردنی حەماس بووە، بەڵام کردەوەکانی بووە هۆی کوشتنی زۆرێک لە خەڵکی مەدەنی، ئەوەی ئیسرائیل لە غەززە دەیکات ڕەخساندنی هەلومەرجێکە کە ژیان بە فەلەستینییەکان مەحاڵ دەکات.